# هونەرمەند خالید سەرکار:
# مۆسیقا رەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە مرۆڤی تێدا دەژی

**مامۆستا خالید سەرکار یەکێکە لە هونەرمەندە گەورەکانی هونەری مۆسیقای کوردی و خزمەتێکی بەرچاوی کردووەو چەندین ساڵ لە تیپی مۆسیقای سلێمانیدا ئەندام بووە، ئێستا مامۆستای چالاکی قوتابخانەکانە لە سلێمانی، لە دیانەیەکدا رۆژنامەی خەبات بەسەری کردەوەو ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ ساز کرد.**



*** مۆسیقاو گۆرانی کوردی چۆن دەبینی؟**

– هەموو سەردەمێک بەڕای من هونەر بەتایبەتی مۆسیقاش رەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە مرۆڤی تیادەژی، مۆسیقای کوردی ئەمڕۆمان وەکو پێویست لە پێشکەوتن نییە تەنها چەند کارێکی هونەری نەبێت.

*** ڤیستیڤاڵی مۆزیکی کوردی کە لەم ماوەیەی رابردوودا سازدرا وەکسەرپەرشتیارێکی ئەو ڤیستیڤاڵە چەند لایەنی پۆزەتیڤی و سەرکەوتوویی تیا بەدی دەکرا؟**

– بەڕای من تارادەیەکی باش سەرکەوتنی بەدیهێنا لە چەند خاڵێکدا لە پێش هەموویانەوە کۆکردنەوەی گەلێ هونەرمەندی ژەنیار لەسەرجەم کوردستانی گەورە و ئەو هونەرمەندانەی لە ئەوروپا و ئەمریکا دەژین خۆی لە خۆیدا کۆکردنەوەی ئەم هونەرمەندانە لە شاری سلێمانی کارێکی پیرۆزە بۆ نزیکخستنەوەی ئاستی هونەری و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕای یەکتری لە نێوانماندا هەروەها چێژ وەرگرتن لەتواناو بەهرەی ئەو هونەرمەندە ژەنیارە کە لە هەموو شوێنێکی کوردستانەوە هاتبوون دنیایەکی مۆسیقای کوردی بۆ گوێگرانی رەخساند کە ئەم ڤیستیڤاڵە بۆ یەکەم جار لە مێژووی هونەری مۆسیقای کوردیدا ساز کرا هیوادارین هەموو ساڵێک لە شارەکانی دیکەی کوردستان دووبارە ببێتەوە.

*** چی بکرێ باشە بۆ ئەوەی مۆزیکی کوردی لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێ ببەسترێتەوەو ڕەسەنی کوردایەتی خۆی لەدەست نەدا؟**

– هەر ئەوەندە دەڵێم توانای هونەرمەند بەرپرسیارە لەسەرکەوتوویی کارەکەیدا ئاساییە هونەرمەندکە کارەکەی بە شێوازێکی پاک و جوان بێنێتە بەرهەم.

*** پەیمانگای هونەرە جوانەکان کاریگەری چییە لەسەر مۆسیقای کوردی؟**

– ئەمڕۆ لە کوردستانی باشووردا گەلێک پەیمانگای هونەرە جوانەکان کراونەتەوە بۆ پێگەیاندنی هونەرمەند بێگومان رۆڵی ئیجابی و سلبی خۆی هەیە گەر بە کورتیش باس بکەین بوونی ئەم پەیمانگایانە خۆی لەخۆیدا رۆڵێکی کاریگەریی دەبینێ بۆ پێگەیاندنی هونەرمەند لە بوارەکانی هونەردا بەمەرجێک رەچاوی گەلێک خاڵی گرنگ بکرێت وەک: مامۆستای باش و لێهاتوو شارەزا، بینای گونجاو، ئامێری تەواو بۆ قوتابی قۆناغەکان لەگەڵ پرۆگرامی سەرکەوتوو و دراسەکراو

*** ساڵانە قوتابییەکی زۆر بڕوانامە وەردەگرن، پێتوایە ڕێژەیەکی باشیان لە هونەردا دەبینرێنەوە؟**

– نەخێر، تەنها و تەنها چەند کەسانێک خۆیان دەبیننەوە و کاری هونەرییان بەردەوام دەبێت، بەڕای من هونەر خۆشەویستی و عەشقێکە لەناخی هونەرمەند دایە، پەیامێکی پیرۆزە وەکو چۆن سیاسەتمەدارێک خزمەتی نەتەوەکەی دەکات بگرە زیاتریش هەستی بە ئازارو ئەشکەنجەو خۆش و ناخۆشییەکانی میللەتەکەی خۆی هەیە، پێویستە هونەرمەند ئەو پەیامەی بگەیێنێ و لە خزمەتی نەتەوەکەی خۆیدا بێت لەبەر ئەوەی کەسێک عاشقی هونەر نەبێت ناتوانێ تیایدا سەرکەوتوو بێت و تاسەر تیایدا بمێنێتەوەو خاوەن تواناو بەهرە بێت.

**ڕێبوار مەحمود– سلێمانی**